# چەپکێک پەیڤی شێوە ئاخاوتنی ڕواندز لە شیعرەکانی ئاڤێستادا لەگەڵ چەند تێبینییەک


**یاسین برایم**
**(ڕواندز)**





قسەکردن لەسەر شیعرێک ئەگەر کورتیش بێت، وەها ئاسان نییە، نەخاسمە چەپکێک شیعر، یان نامیلکە و دیوانە شیعر، بۆ ئەم کارە هەویرەکە ئاوی زۆر دەوێت، وەک پێویست مافی تەواوی پێ نادرێت، نەخاسمە بۆ نووسینێکی بچووک زۆر لەوە سەختترە خۆی لە دنیا گەورەکەی شیعر بدات و بتوانێت و شەنوکەوی لایەنێک لە لایەنەکانی بکات و تێیدا ڕێباز و قوتابخانە و تیورە ئەدەبییەکانی لەسەر جێبەجێ بکات، یان لە لایەنی هونەری و زمانەوە شرۆڤە بکات و دیوێکی ئەو لایەنە بخاتە بەردیدی خوێنەر، لەلایەکی تر، ناشکرێت هیچ دەقێکی ئەدەبی لە ڕەخنە بە دوور بێت، خوێنەریش لە دید و تێڕوانین و دنیابینینی خۆی سەیری دەقەکە دەکات و قسەی خۆی هەیە، بۆ ئەم کورتە باسەش ڕوو لە کتێبی (هەتا هەنووکەیی)(١) عەقیلە ڕواندزی دەکەین کە ژانری شیعرەو بەشێوە ئاخاوتنی شارێکی مێژوویی کوردستان نووسراوە، ئەویش (شاری ڕواندز)ە. دەتوانین بڵێین ئەمە یەکەم شاعیری ئەو شارەیە بەو شێوە ئاخاوتنەی ناوچەکە بنووسێت، واتە ئەو زمانە ئەدەبییە نییە کە شاعیران و نووسەرانی تر پەنای بۆ دەبەن و بەرهەمەکانیان پێ دەنووسن، بۆیە ئەو جیاوازتر لەوانی تر، بەو شێوە ئاخاوتنەی لە شارەکە هەیە کە ئەو فرچکی پێوەگرتووەو بۆنی دایکی لێوە دێت، لە هەموو دنیاش زمانی دایک بۆ منداڵ گرنگە و بایەخی پێ دەدرێت، ئەمەش شانازییەکی گەورەیە بۆ ئەو، لە هەمان کاتیشدا وەک خەمخۆرێکی زمان دەیەوێت لە ڕێگای شیعر ئەو شێوە ئاخاوتنەی شارەکە بپارێزێت و بیری نەوەی ئێستای بهێنێتەوە. ڕاستییەکی تر، پێمان دەڵێن زمانی کوردی خەریکە بەرەو شێواوی و فەرامۆشیی دەچێت و ڕۆژ بە ڕۆژ شەپۆلێکی وشەی بێگانە سەنگەر لە وشە کوردییە ڕەسەنەکان دەگرێت. (چۆمسکی)زمانناسی گەورە دەڵێت: "زمانێک سەد کەس قسەی پێ بکات، هیچی کەمتر نییە لەو زمانەی ملیۆنان کەس قسەی پێ دەکەن"، ئینجا بۆ ئێمەی کوردیش کە تا ئێستا زمانی یەکگرتوومان نییە، گرنگی و بایەخ پێدان بەو زمانە، ئەرکی سەر شانی

هەمـوو لایەنێکە و ئاوڕدانەوەش لە هەر شێوە زار و بێچووە زار، بگرە شـێـوە ئاخـاوتنی شـار و ناوچە جیاوازەکانی کوردستـان پێویستە، چونکە دواتر هـەر ئەم وشـە و ئاخـاوتنە ناوچەییـانە دەبنە جـۆگـەلەیەک و دەڕژێنە نێـو دەریا گـەورەکـەی زمـان، بۆیە وەک خوێنەرێک و مامۆستایەکی زمان هەمیشە چێژ لەو شێوە نووسین و ئاخاوتنانە دەبینم کە تایبەتە بە ناوچەیەک، ئەم نووسینەشم هەر لەم ڕوانگەیەوە هەڵبـژاردووە، ئاشناکردنی کتێبێکی شیعر و خستنەڕووی کۆمەڵە پەیڤێکی بەکارهاتووی نێو دەقەکان و لێکدانەوەی ماناکانیان، ئەمەش گـرنگی خـۆی هەیە بۆ ئەوانەی فەرهەنگ دەنووسن، یان دەیانەوێت زمانی نووسین و ئاخاوتنی خۆیان پێ دەوڵەمەند بکەن، لە هەمان کاتیشدا چەند تێبینییەک لەسەر خودی کتێبەکە لە ڕووی هەڵەی زمان و مێژووی پێکهاتەی شیعری شاعیر و خستنە ڕووی بۆ خوێنەر، زۆربەی شیعرەکان دەکەونە ئەم چوار خانەیەی خوارەوە:

١- شیعرێک بە پێی بینین، یان ڕووداوێکی ژیانی شاعیر

٢- شیعرێک بە پێی بابەتی گشتی، نموونە (ئەشق و مردن)

٣- شیعرێک بە پێی شێوازی دژوار

٤- شیعرێک لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ئاڵۆزە(٢)

ئەگەر ئەمە بکەینە دەسپێک بۆ چوونە نێو باسەکەمان، ئەوە خاڵی یەکەم هەڵدەبژێرین و دەچینە نێو دنیای ژیانی شاعیر و وەک زنجیرەیەک ئاوڕ لە لایەنەکانی تری ئەم شاعیرە دەدەینەوە، ئەو شیعرانەی ناچنە خانەی شێوازی دژوار و ئاڵۆزەوە، هیچ کۆد و هێما و شێواز و ئیستێتیکایەکی تێدا نابینین، واتە خودی دێڕەکان و ناوەڕۆکی شیعرەکان هەر لە قسەی ئاسایی و ڕۆژانە دەچن و مانا بە دەستەوە دەدەن، خوێنەر لەگەڵ یەکەم خوێندنەوەی تێ دەگات و پێویست بە هەڵوەستە و وەستان ناکات.

چەند تێبینییەک لەسەر کتێبەکە:

*** لە هەڤدەی یازدەی ساری جل و هەشت**
**گەلاڕێزانی داری جیا و دەشت** ل٧

کەچی لەلاپەڕەی (١١٩) کتێبەکە، لە ناسنامەی (نقابة معلمين كردستان) نووسراوە لە ساڵی ١٩٤٩ لە دایک بووە. هەروەها لە بەرگی کتێبی (یاد و ئافەرین)(٣) لە ژیاننامەی خۆیدا نووسراوە (١٧-١١- ١٩٤٩)، کەواتە ساڵێک جیاوازی هەیە.

**لە ئیمتیحانی پێنجی ئەدەبی**
**گۆتیان هجوومە خوایە ج نەبی**
**کۆرەبم لۆ دوو پێشمەرگەی نازدار**
**جاشە کوشتبوون کووریان کردنە خوار** ل٣٣

بە پێی ساڵی لە دایکبوون و قۆناغی خوێندنی دەکاتە هەمان ئەو ساڵەی داستانە مەزنەکەی هەندرێن تۆمارکراوە کە لە مانگی ئایاری ١٩٦٦ ڕووی دا. شاعیر دەڵێت (دوو پێشمەرگە)ی نازدار بە دەستی جاشەکان کوژراون. ڕاستییەکەی سێ پێشمەرگە بوون بە ناوەکانی (ساڵح مام ئەلیاس ڕواندزی، خدر دەرگەڵەیی، عەریف یوونس هەولێری) داستانەکە بە خوێنی ئەمانە تۆمارکرا.

(مام زرار دەرگەڵەیی) لە شیعرێک لەسەر داستانی هەندرێن دەڵێت:

**هەندرێن سەربەرزی خۆت لە دەست نەچوو**
**بە خوێنی پاکی شەهیدان سووربوو**
**کە خوێنی (خدر و یوونس و ساڵح) بوو**(٤)

*** لە حەفتاو ئێکی ئەمرەکەن دەرچوو**
**لە بەختا ئێ من لۆ دهۆکێ بوو**
**لە هەفتا و دووی هاتمۆوە ڕواندزێ**
**شاری شیرینم پڕ باخ و ڕەزێ** ل٣٦
**لە ساری حەفتا و سێ لە ناو پردانێ**
**گواسترامەوە داننا هێلانێ**
**لە قوتابخانەی گەرارەی کیژان**
**بوومە مدیرە لۆ کیژ و کوڕان.** ل٣٨

لە بەڵگەنامەیەکی خۆی کە لە لاپەڕە (١١٩)ی کتێبەکە هەیە، نووسراوە ناونیشانی هەمیشەی (مدير مدرسة كلالة للبنات)ساڵی ١٩٧١، بەم پێیە بێت، ئەو لە ساڵی ١٩٧١ بەڕێوەبەر بووە، ئەگەر نا چۆن لە ناسنامەکە دەنووسرا، لە ناسنامەیەکی (هوية الموظفين) ناونیشانی نووسراوە (معلمة - مدرسة راوندوز للبنات)ساڵی ١٩٧٣، بۆیە هەڵەیەکی تر لە ڕووی کاری مامۆستایەتییەوە لە نێوان شیعرەکە و ناسنامەکان هەیە.

* لە هەندێک لە دێڕە شیعرەکان لە ڕووی کێش و سەروا و بڕگەوە هەڵەی زەق بەرچاو دەکەون، دەکرا

ئەو وردەکارییانە بە هەند وەرگیرێن، چونکە ئەمە چێژی مـوزیک (ڕیتم و ئاواز) و خوێندنەوە تێکدەدات.

**هەتا برێی پێ در خۆش بووم**
**شاگەشکە بووم دیار بوو لە ڕووم**
**برایەکی جوان لۆکاک ئارامی**
**بڕەک کمی کرد لە دەرد و زامی**
**لە شازدەی دە هەشتا و جاری بوو**
**ئالآنی نازدار دیاریێ باری بوو**
ل٥٣

ئەم دێڕە شیعرانە بڕگەی کەم و زیادی تێدایە. دێڕی یەکەم (٨) بڕگەیە و ئەوانی تر (٩ - ١٠) هەیە، ئەمە لە زۆر شیعری تر بەرچاو دەکەون.

* دوو بەشی کتێبەکە بۆ شیعر تەرخان کراوە و بەشێکی تریش بریتییە (لە ئەلبوومی وێنەکان) کە چەندان وێنەی کۆنی منداڵی و خێزانی و گەشت و سەیران و کەسایەتی ناوداری کورد و کار و چالاکی و ڕۆشنبیری و خۆبەخشی تێدایە، ئەمەش لە ڕووی پێناسەی کتێبەوە، دەچێتە خانەی (شیعر و ئەلبووم) تا ئێستا کەم شاعیری کورد بەم شێوەیە کتێبی چاپ کردووە، ژیاننامەی (بە شیعر و هەم بە وێنە)خرابێتە ڕوو، لێرەشدا هەم شیعرەکان و هەم وێنەکان، ژیانی ڕاستەقینەی شاعیر دەردەخەن وخوێنەر زۆر بە ئاسانی ئاشنای ژیان و بەرهەم و کاری و چالاکی شاعیر دەبێت، ئەم جۆرە کتێبانە بۆ دیوانی شاعیران و بیرەوەرییەکان و یادداشت و بەڵگەنامە بەرچاو دەکەون، بەڵام بۆ شاعیریکی ژن دەتوانین بڵێین شتێکی تازەیە. لەوانەیە شاعیری ژن هەبێت لە ڕێگای شیعرێک ژیاننامەی خۆی خستبێتە ڕوو، بەڵام بەم شێوەیە نا، کتێبێک بە شیعر لەسەر ژیاننامەی خۆی پێشکەش بکات کە خۆی لە ژیاندا مابێت.

* هەندێک وشە هەن لە ڕووی مۆرف (Morph) و فۆنیم و مۆرفیم و گۆڕانکاری بە سەر داهاتووە، وەک:"جل -چل، جیا - چیا، جاو - چاو، پرج -پرچ ل١٩، جەپرە -چەپڵە، دەرجو -دەرچوو ل٢٢، مندار - منداڵ ل٢٥، کۆران -کۆڵان ل٢٨، جا - چا ل٢٨، خەرک - خەڵک ل٣١، جەند-چەند ل,٤٩.. تاد" کە لەم شیعرانەدا بەکارهاتوون و زۆرجاریش هەندێک وشە بەو شێوەیە دەرنابڕدرێن کە ئەو نووسیونی زۆر جیاوازی لەگەڵ کتێبی (وەبیرم دێنۆ)(٥)ی شاعیر هەیە کە بە شێوە ئاخاوتنی ڕواندزی نووسیبەو لەوێ زۆر سەرکەوتوو و جوان بووە، ئەگەر بەراوردێکیان بکەین ئەو گۆڕانکارییە لەو وشانەدا دەبینین.

* ئەو شیعرانە زۆر بە زمانێکی سادە و ئاسان نووسراون و کۆد و ڕەمز و خوازە و جوانکاری وای تێدا نییە، وەک بڵێیت بۆ قۆناغی هەرزەکاری نووسرابێت، واتە تێگەیشتنیان ئاسانە، جوانی شیعریش لەوەدایە لە قسەی بازاڕ و خەڵک بە دوور بێت.

* ناوونیشانی شیعرەکان بە زنجیرەی ژیانی شاعیرەوە دەست پێ دەکات و هەر یەکێک ڕووداو و بەسەرهات و لایەنێک و مێژوویەک لە ژیانی شاعیر نیشان دەدات، بۆ نموونە قۆناغی منداڵی و گەنجایەتی لە شیعرەکان، ئەم ناوونیشانانە دەگرێتەوە: (بیۆگرافی ل٧، (ئۆدا (نەعیمەخان) ل١٠، سەیران ل١٢، زەمانا ل١٣، خێزان ل١٤، بومە تەلەبە ل١٦، (ئۆباو-بابە) ل٢٣، گەمە کردن ل٢٦، ژیانێکی سادە ل٢٨).

هەروەها قۆناغی خێزانداری و وەزیفی و ئاوارەیی و دەربەدەریی دەست پێ دەکات، بەم ناوونیشانانە (گەڕانەوە ل٣٠، سیاسەت ل٣٢، پەیمانگا ل٣٥، هاوژینی ل٣٧، ئەو دیوی ل٣٩، لەیلا قاسم ل٤١، نسکۆ ل٤٤، دوای نسکۆ ل٤٦، بەرەو هەندەران لە ئەورووپا ل٤٧، ئێکدی ناسین ل٥٠، جاوون ڕۆن ل٥٣، نەهامەتی ل٥٥، لەدوای ١٦ سارا ل٦٠، سەردانێ ڕواندزێ ل٦٣، گەڕانەوەی ئێکجاری ل٦٦، نووسین ل٦٨، سەفەری ئیتالیا و فەڕەنسا ل٧٠، سەفەری نەمسا- ڤیینا ل٧٥، پشوودان ل٧٨، هۆڵەندا (نیدەرلاند)ل٨١، حەز و ئارەزووم ل٨٨، خواحافیز ئۆدا ل٩٢، سوپاس خوایە گیان ل٩٤، کوردستانی.... ل٩٦، خزماتی ل٩٩، دەی دەی جنیە نا جنیە ل١٠٢، کەتینە ناو سارا ل١٠٤) دوا قۆناغ بریتییە لە (دەرەوەی وڵات و گەشت و سەیران و دواتر گەڕانەوە بۆ نیشتیمان).

* شانازیکردن بە بەرهەمەکانییەوە کە بە شیعر ناوی هێناون وەک چۆن نالی شانازی بە زمانزانی و دانانی شیعر بە سێ زمان و شارەزایی و لێهاتوویی خۆی بۆخوێنەر دەخاتە ڕوو و دەڵێت:

**فارس و کورد و عەرەب هەر سێم**

**به دەفتەر گرتووە**

**(نالی) ئەمـــڕۆ حـــاكـــمی سێ مولّكە، دیوانی هەیە!(٦)**

ئـەویش وەک ئـافـــــرەتـێک لـەم بارەیەوە ئاوڕی داوەتەوەو دەڵێت:

**ئێکەمین... کـــتـــاب خـــواردنی کوردی بو**

**دووەمیش...خواردن، بە هۆڵەندی بو**

**سێیەم... خانمی مهابادی دراما**

**جارەم... وەبیرم دێنۆ لۆمە هەما**

**پێنجـــەم... (یاد و ئافـــەرین) ئافرەتا**

**بیـــۆگـــرافی......، زێدە لە پێنج سەتا**

**شـەشـەم... ئەرتۆشی و ڕەوەند و کۆجەر**

**حـــەفـــتـــەم... ئەوەی هەنوکـــە دەستەبەر ل٦٨**

بەم دێڕە شـــیـــعـــرانە پێت دەڵێت خاوەنی (٧) بەرهەمە.

* هەروەها لە نێـو شـیـعـرەکـاندا ئاماژە بە چەند کەسایەتی و هاوڕێ و مـامـۆسـتـایەکـان دەکـات، ئەمەش بۆ مێژووی شار لە ڕووی پەروەردەییەوە بایـەخی خــــۆی هـەیە، بۆ نموونە ناوهێنانی (پیرۆز خان کچی ئەمین ڕواندزی، بەڕێوەبەری قـوتابخـانەی کچان و مامۆستا جەلال خەیلانی و مـامـۆسـتـا فـەریدە (مـەسـیـحی عەینکاوەی) و شێوازی خوێندن و جلو بەرگ لە قـوتابخـانە، هەروەها وتنی چەند لایەنێکی مــێـــژوویی بەناوهێنانی ڕۆژ و سـاڵەکـان تا لە بیر خوێنەر نەچێتەوە، وەک نسکۆی شۆڕش و لە سێدارەدانی لەیلا قاسم و دەیـان نمـوونـەی تـر، هـەروەهـا ناوهێنانی ئەندامان و خێزان و مردن و لە دایک بـوونـیـــــان لەکــــاتـی دیاریکراو.

* هەندێک چاوگ بە کـارهاتوون، دەبینین لە ڕووی بەکــارهێنانیـــان لەجـــیـــــاتی پاشگری (ەوە) بە (ۆ)کۆتایی هاتووە، شێوازێکی تری وەرگـرتووە، ئەمـەش بۆ لێکۆڵـەرانی زمان سوودبەخشە، دەتوانن ئاوڕ لەم لایەنەی زمان بدەنەوە.

نموونە (ناسینۆ – ناسینەوە ل١٨، خـــیـندینۆ –خـــوێندنەوە، ل ١٨، ئـەنـاردنـۆ – دەیـانـنـاردنـەوە ل١٩، دامـەزرامـۆ – دامـەزرامـەوە،ل٤٢، ئیزنەدرامۆ – دەنێردرامەوە، ل ٤٢، مـاینۆوە –مـاینەوە،ل ٤٤، مـاینۆ – مــــــانەوە،ل٤٦، شــــــاردینۆ – شاردنەوە،ل ٩٧ و ستـادینۆ –لێیان ســتـاندین، ل ٩٧،.. تاد و چەندان وشە و چاوگی تر.

* لە کۆتاییـدا شـاعـیـر خۆزگـە و ئارەزوو دەخـــوازێت یەکـــەم بە چاو دیتنی دەوڵەتی کوردی و دواییش لە دوای مـردنیش وەسـیـەت دەکـات لە شـاری ڕواندز بە خـاکی بسـپـێـرن، ئەمـــەش نیـــشـــانەی دڵســـۆزی و نیشـتیـمانپـەروەری شاعیـر دەخاتە ڕوو، بۆیە بە زمانێکی سادە و ڕەوان دەڵێت لە دوایی مـــردن پرســەی بۆ دانەنێن و ئاڵای کـوردسـتـان لەسـەر گـــۆڕی شـەکـــاوە بێت و بە زمـــانی کــوردی لەســـەر گـــۆڕی بنووسن و سـوپاسی خواش دەکـات، بە کـوردی لە دایک بووە و بە کـوردیش ژیاوە و ئامـــادەیە بەکـــوردیش وەڵامی قـــەبر بداتەوە:

**لە خودام تەرەبە هەندە ببینم**

**دەولەتی کوردی بە چاو ببینم**

**ئەو وەختی مردن وەرە بەخێرێ**

**گریانوتازی بالۆم نەگیرێ**

**لە ڕواندزا نازدار گۆڕم لۆ لێدەن**

**بە دریخۆش خواحافیزیم لێ بکەن**

**دەگەر فاتحا ئالام لۆ بێن**

**لەسەر کێلا بە کوردی بنوسین**

**بە کوردی ئەژیم بە کوردی ئەمرم**

**بەکوردی ئەدەم وەرامی قەبرم**

**بە ئەمرێ خودای بە کوردی بویە**

**ســوپاسی ئەکـــەم مـــەمنونی ویمە**

ل١٠٥.

**کۆمەڵێک پەیڤی شێوە ئاخاوتنی ڕواندز، کـە لەم کـۆمـەڵە شـیـعـرەدا بەرچاو دەکەون:**

خین: خوێن ل٨

شتر: شتڵە نەمام ل٨

دری داوە: دڵی داوە ل١٠

ماندیە: ماندووە ل١٠

ئۆدا: داک، دایک ل١٠

کـە تام دەهاتێ: تاهاتن (کـاتی نەخۆش بوون) ل١١

لەکنەوی: لەلای ئەو ل١١

بەوراغا: بو(ولاغ) ان ل١٢

خەرقە: جاکەتی لۆکەیی ل١٣

بەلەجەکا: گۆڕی خوری ل١٣

کـراوکـۆچکا: کـلاو کـوچک – کـــلاوێکی منداڵانەیە بە مـــۆری و زەنگیـانە دەرازێنرایەوە و لە سـەری منداڵانی بچووک دەندرا. ل١٣

هەنگوست: پەنجە، گوست ل١٣

خـەپۆکـە: خـرپن – بە منداڵی بچـووک دەوترێت جوان و قەڵـەوبێت ل١٤

قورباقا: نەخۆشی کۆخەرەشە ل١٤

جربەجر: پارچە پارچە ل١٦

ئەی پارێستم: دەیپاراستم ل١٧

سەف: پۆل ل١٧

خـۆهەنگینێکە: ئەو کـاتـەی، ئەو

زەمانەی ل١٨
خڕ: هەمووی، گشت، هەروەها بە مانا شێوەی بازنەش دێت. ل١٩
سەربەڕەشک: سەربەڕەشک و ئەسپێ ل١٩
واگۆ: وایگۆت، وەیدەگوت ل٢٠
ئەگۆ: دەوت، دەگۆت ل٢٠
برند: بڵند ل٢٠
دەهاریم وەرە: یارمەتیم بدە، فریام بکەوە ل٢١
هەرکوەکی: هەرچۆنی بێت ل٢٢
ئۆباو: باوک ل٢٢
بەربوو: هەڵگیرسا تێبەربوو (ئاگر دە ماڵمان بەربوو.) ل٢٤
دەگە: دەگەڵ، لەگەڵ ل٢٥
باو: باوک ل٢٥
بێ عاربا: بزێو با ل٢٦
شێوەقورانێ: دروستکردنی خواردن و شیو، لای منداڵان بە مەبەستی فێربوون و گەمەکردن. ل٢٧
خەنی لەوەی: خۆشی لەوی، دڵخۆشی بۆ ئەوکەسەی ل٢٨
بادی: دەفری فافۆن بۆ ئاوخواردنەوە و ماستاو و ماستداگرتن (بادیە ماست)ل٢٩
ئەوەشێتۆ: لێی دەوەشێتەوە، شایەنیەتی ل٣٠
لەقیسن ئەجی: لە کیسمان دەچێت، لە دەستمان دەچێت ل٣٠
بڕەک: کەمەک، قیچەک ل٣٠
لۆمە: بۆ ئێمە، بۆمە ل٣١
قەرەمن شکا: قەدەم شکا (قدم - پێ) پێشکان. ل٣٣
دەشاخیان کوورکا: لە شاخیان فڕێبدات، لە شاخیان بهاوێت ل٣٣
لێ وەرامینی: سەیریان بکات، تەماشایان بکات ل٣٣
تەنێ: تەنها ل٤٤
هەرئەمگو: هەردەمگوت ل٤٩
جا: جار ل٥٠
دەستێخۆن: بە دەستی خۆمان ل٥٠
کنەما: لای ئێمە ل٥١
قەتوقەتۆکە: قەت قەت، هەرگیز هەرگیز ل٥١
پاڕامۆ: پاڕامەوە ل ٥٤
هەرئەتوومـا هەی: بەس تۆم هەیە ل٥٤
نەهێرێ: نەهێڵێت ل٥٦
کسۆک: سەگ، سە ل٥٦
پڕیەدا: پەلاماری دەدا ل٥٦
بیبینمۆە: بیبینمەوە ل٦١
خۆم تێوەرینا: باوەشم پێدا گرت، لە ئامێزم گرت ل٦١
دیقەتم داییێ: سەیرم کرد، ڕوانیم ل٦١
ئەشتەبا: هیچ ل٦٣
لەسەرخۆ نەمایە: وەک جاران نەماوە ل ٦٤
وەرداش: هەڤاڵ، برادەر ل٧٦
کوو: چۆن (نیشانەی پرس) ل٧٩
دەبیا: دەبێت ل٨٦
بکەییۆ: بکەیەوە ل٨٧
گەورۆنە: گەورە ل٨٨
وێرامیست: ماچم کرد ل٩٣
تازێ: پرسە ل١٠١
دەهەندە: دەبەسە (دەهەندە مەلێ!) ل١٠٢

**سەرچاوەکان:**


**١- ئەقیلا (ئاڤێستا ڕواندزی)، (هەتا هەنووکە)، شیعر، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٦.**
**٢- جۆن پیک -مارتین کویل (ڕەخنەی پراکتیکی)، و: ئەبوبەکر خۆشناو، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦، ل١٦.**
**٣- عەقیلە ڕواندزی، یاد و ئافەرین، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٥.**
**٤- زرار دەرگەڵەیی، یاد و هەست، شەڕی هەندرێن، هەولێر، ٢٠١١، ل٧٨-٧٩.**
**٥- عەقیلە ڕواندزی، وەبیرم دێنۆ، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١.**
**٦- نالی، دیوان، (مەلا عبدالکریمی مدرس، فاتح عبدالکریم) چاپخانەی سەلاحەددینی ئەیوبی، چاپی دووەم / ل٥٧٧.**